هەندێک کات بۆم دێت وەکو دەنگی زەنگ، ئەمەیان ناڕەحەتترینە لەسەرم، کاتێک لێم جیا دەبێتەوە؛ تێدەکەم چی وتووە، وجاری وا هەیە فریشتەیەک دەردەکەوێت لە شێوەی پیاو وقسەم لەگەڵدا دەکات؛ ومنیش تێدەگەم چی دەڵێت

لە عائیشە دایکی ئیماندارانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە حارسی کوڕی هیشام -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کرد، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، چۆن وەحی -سروش- بۆ تۆ دێت؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەندێک کات بۆم دێت وەکو دەنگی زەنگ، ئەمەیان ناڕەحەتترینە لەسەرم، کاتێک لێم جیا دەبێتەوە؛ تێدەگەم چی وتووە، وجاری وا هەیە فریشتەیەک دەردەکەوێت لە شێوەی پیاو وقسەم لەگەڵدا دەکات؛ ومنیش تێدەگەم چی دەڵێت»، عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: وبینیم وەحی بۆ سەر دادەبەزی لە ڕۆژێکی زۆر سارددا، وکاتێک (وەحیەکە) لێی جیا بووەوە؛ نێوچەوانی ئارەقی لێدەهاتە خوارەوە.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

حارسی کوڕی هیشام -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کرد، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، چۆن وەحی -سروش- بۆ تۆ دێت؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: هەندێک کات جبریل -علیه السلام- دێت بۆ لای وئەو دەنگەی وەحیەکەی پێدەگەیەنێت بەهێزە وەکو دەنگی زەنگ، ئەمەیان قورستر وناڕەحەتترینە لەسەری -صلى الله عليه وسلم-، وتووشی سەختی وناڕەحەتیەکی زۆر دەبێت وپاشان لەسەری لادەچێت، وئەوەی فریشتەکە فەرموویەتی لەبەری کردووە ولێی تێگەیشتووە، وەحی بەم دەنگە بەهێزە بۆی دێت؛ بۆئەوەی دووری بکاتەوە لە سەرقاڵبوون بە کاروباری دونیاوە، وهەموو هەستەوەرەکانی ئامادە بکات بۆ ئەم دەنگە بەهێزە، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە جوانی لێی تێدەگات؛ چونکە هەموو شوێنێک لە دڵ وبیستنی دەنگی فریشتەکەی تێدەچێت بۆیە هیچ شوێنێکی تێدا نەماوە بۆ سەرقاڵبوون بە دونیاوە. وپاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەی کرد کە جاری وا هەیە جبریل -علیه السلام- دەردەکەوێت لەسەر شێوەی پیاوێک وەکو شێوەی دیحیە یان کەسێکی تر وقسەی بۆ دەکات سەبارەت بە وەحی وئەویش لێی تێدەگات و لەبەری دەکات. وعائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەری دەبینی -صلى الله عليه وسلم- کە وەحی بۆ سەر دادەبەزی لە ڕۆژێکی زۆر سارددا، وسەختی وەحیەکە لەسەر لاشەی لادەچوو ولێی جیا بووەوە؛ ونێوچەوانی ئارەقی لێدەهاتە خوارەوە ئەمیش بەهۆی ناڕەحەتی وقورسی وەرگرتنی ئەم وەحیە لە ئاسمانەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10840